# چۆن سوپاس و پاداشتی چاکەی دایکمان دەدەینەوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]


ئامادەکردنی: سایە فارس


سەرچاوە: سایتی یەکتاپەرستی

http://www.vazhin4.co.cc


پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( كيف ترد جميل الام؟ )

« باللغة الكوردية »

إعداد: سايه فارس
المصدر: موقع التوحيد
http://www.vazhin4.co.cc

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چۆن سوپاس و پاداشتی چاکەی دایکمان دەدەینەوە

کاتێ تەمەنت ساڵێک بوو خۆراکی دەدایتێ و دەیشۆردیت ... تۆش بەگریانی درێژایی شەو سوپاست دەکرد...

بویت بەدوو ساڵان ڕای دەهێنایت لەسەر ڕۆشتن... تۆش بەڕاکردن سوپاست کرد کاتێ داوای دەکردی ...

کاتێ تەمەنت گەشتە سێ ساڵان چەندین جۆر خواردنی بۆ ئامادەدەکردی ... تۆش بەفڕێدانی قاپەکان سوپاست دەکرد ...

کاتێ بویتە چوار ساڵان پێنووسی دایتێ بۆ ئەوەی فێری دروستکردنی وێنەت بکات .... تۆش بەڕەنگکردنی دیوارەکان سوپاست دەکرد...

لەپێنج ساڵان دا جوانترین جل و بەرگی جەژنی دەکردەبەرت ... تۆش بەپیس کردنی جلەکانت سوپاست دەکرد ...

کە گەشتیتە شەش ساڵان ناوتی لەقوتابخانە تۆمار کرد ... تۆش بەهاوار و گریان نامەوێت بچم سوپاست دەکرد...

کاتێ تەمەنت دەساڵان بوو چاوەڕێی گەڕانەوەتی دەکرد لەقوتابخانە.... تۆش بەچوونە ژوورەکەی خۆت بەخێرایی سوپاست دەکرد ....

کە بوویتە پانزە ساڵان کاتی سەرکەوتنت لە قوتابخانە بۆت دەگریا ... تۆش بەداواکردنی دیاری سوپاست دەکرد ...

که بوویته بیست ساڵان ئاواته خواز بوو لەگەڵی بچیت بۆ ماڵی خزمانی .... تۆش بەمانەوەت لەگەڵ هاورێکانت سوپاست دەکرد ...

کاتێ بویتەبیست و پێنج ساڵان بەماددی و مەعنەوی یارمەتی دایت .... تۆش بەگرتنی دوورترین خانوو لێیەوە لەگەڵ خێزانەکەت سوپاست دەکرد ...

که بوویتەسی ساڵان هەندێک ئامۆژگاری دەربارەی منداڵەکانی پێ دەوتی ... تۆش بەوتنی ئەوە پەیوەندی بەتۆوە نیە سوپاست دەکرد ...

کاتێ گەشتیتەسی و پێنج ساڵان .... پەیوەندی پێوەکردی بۆ بانگهێشت کردنت چونکەئەو چێشتەی تۆ ئەتەوێ بۆی لێناوی ... تۆش بەئەم ماوەیەسەرقاڵم سوپاست دەکرد ...

که بوویتەچل ساڵان ... پێی وتیت کەناساغەو نەخۆشە، پێویستی پێتە... تۆش بەووتنی نەخۆشی و عەیبی باوان بۆ مناڵەکانیانە سوپاست دەکرد ...

ڕۆژێ لەڕۆژان لەم دنیایە دەڕوات، خۆشەویستی بۆت تا لێدانی دڵی دەوەستێ بەجێی ناهێڵێت ....

ئەگەر دایکت تا ئێستاش ماوەو نزیکە لێتەوە، بەجێی مەهێڵە، لەیادی مەکە، کار بکە بۆ ڕازی کردنی ....

لەبەر ئەوەی بێجگە لە یەک دایک، دایکی ترت نیە لەم دونیایەدا.....

خوایە گیان لەو کردەوانەی بەرامبەر دایکمان کردوومانە خۆش ببیت و ئەو فرمێسکە بەنرخانەی بەهۆی خەم خواردنی بۆ ئێمە ڕشتوویەتی بکەیتە کێوێک لەپاداشت ...

بەهیوام ئەم بابەتە سوودی هەبێت بۆ ئەوانەی تا ئێستا نەیان توانیوە دڵی دایکیان ڕابگرن و ڕازی بکەن ....